هەرێمی کوردستان- عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی

Kurdistan Regional - IRAQ
Council of Ministers
Ministry of interior

إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية الادارة

ژمارە : ٦١١٨٢ NO:

ڕێکەوت: ١٨/٥/٢٧١٦ کوردی DATE: ٢٠١٦/٤/٧

بەیانی ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ٢٠١٦

**هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥**

**ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری کۆمپانیا ئەمنییەکان لە هەرێمی کوردستان**

**بەپێ ی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادە ٣ برگە ١ لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٩ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی و دوابەدوای ڕێنماییمان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥ کە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (١٩٢ لە ٢٠١٥/١١/٥) بڵاوکراوەتەوە، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم هەموارانەی خوارەوە:**

**یەکەم:** هەموارکردنی برگە/٤ لە مادە سێیەم لە ڕێنمایی سەرەوەو بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
(**مادەی سێیەم: برگە/٤:** کۆمپانیاکە دەبێت لەسەر ناوی هاونیشتیمانییەکی هەرێمی کوردستان تۆمار بکرێت و دەکرێت لەسەر ناوی کەسی بیانی تۆماربکرێت یان هاوبەشی بیانی هەبێت).

**دووەم:** هەموارکردنی برگە/١ لە مادەی چوارەم لە ڕێنمایی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
(**مادەی چوارەم: برگە/١:** کۆمپانیای ئەمنی بیانی بۆی هەیە لق لە هەرێمی کوردستان بکاتەوە بەمەرجێک گشت ڕێککارەکانی ڕێنمایی سەرەوە جێبەجێ بکات).

**سێیەم:** زیادکردنی برگەی (٩) لە مادەی شەشەم بەم شێوەیەی خوارەوە:
(**مادەی شەشەم: برگە/٩:** پێویستە لەسەر کۆمپانیا ئەمنییەکان هەر ڕاپۆرتێک هەر (١) مانگ جارێک سەبارەت بە کاروچالاکییەکانیان و هەر ڕاپۆرتێکی ئەمنی کە بڵاوی دەکەنەوە پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ بکەن).

**چوارەم:** ئەم هەموارانە کاری پێ دەکرێت لەرۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی وقائعی کوردستان.

کریم سنجاری
وەزیری ناوخۆ

**وێنەیەك بۆ:**

- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- گشت وەزارەتەکان و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت ( ) لەگەڵ ڕێزدا
- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان/ بۆ ئاگاداری و ئەوەی پێویست لەگەڵ ڕێزدا
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش - هەولێر/ بۆ ئاگاداری و ئەوەی پێویست لەگەڵ ڕێزدا
- وەزارەتی داد/ ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە لەگەڵ ڕێزدا
- گشت پارێزگاکان و ئیدارەکانی هەرێمی کوردستان/ بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا
- گشت فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەت
- کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەتپێدان/ فەرمانگەی یاسایی/ پلاندانان/ خولاو